ئەشرەف دێهقانی

# خۆڕاگرتنی چەکدارنە لە کوبانی، زەنگی مەرگی شەو پەرستانە!




سڵاوی بێ سنور و لە ڕادە بەدەر لە جەماوەری نەبەز و قارەمانی کوبانی، بە تایبەت ژنانی شۆڕشگێر، ئازا و قارەمان کە لە بەرانبەر ئیمپریالیزمی ئامریکا و سەگە پەت لە ملەکەی واتە داعش، ئاڵای خەبات و بەرخودان تا دوا هەناسە سەربەرز را دەگران.

باسی قارەمان و قارەمانیەتم کرد و هاتەوە بیرم کە فریوکاران خۆیی لە ژێر ناوی دژایەتی لە گەڵ "تندو تێژی" واتە دژایەتی لە گەڵ توندوتێژی خەڵک بەرابەر بە دوژمنەکانیانە، دوپاتی دەکەنەوە (و دەڵێن) کە دەورەی قارەمانیەتی و "قارەمان بازی" تێپەڕیوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بووەو ئەمەیە کە مێژو تەنیا بە نەبەردی قارەمانانەی جەماوەری قارەمان و پێشمەرگە قارەمانەکانیان دژ بە دژمنانیان - واتە هێزە کونەپەرەستەکان کە پێشگری پێشکوتنی مێژون، بەرەو پێش هاتووە. ئەمڕۆ خەباتی چەکدارانە و قارەمانیەتی خەڵکی کوبانی، سازدانی هەل و مەرجێکی تازەیەی ئاراستەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست کردوە.

کوبانی، سومبڵی خەباتی و خۆڕاگرتنی کریکاران و ستەم لێکراوانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە بەرانبەر بە دوژمنێکە کە پاسەوانی هێشتنەوەو مانەوەی سیستەمە بۆ گەنەکەی سەرمایەداریە، ئەمڕۆ ئیمپریالیزم، هێزێکی کونەپەرست و دواکەوتو وەک داعشی بە چەکی مودێرنی کوشتن، لە جلوبەرگ و قەوارەیەک کە پەیوەندی بە دەها سەدەی کونەوە هەیە، بەر داوەتە گیانی خەڵک. بەڵام جەنگاوەرانی دلێری کوبانی، پەپولەکانی ئەڤینداری ژیان، ئەڤیندارانی شادی و گۆرانی، ئەڤیندارانی ئازادی و بەرابەری، ئەڤیندارانی هەموو شتێکی گرانبەها و پیەوەرە بەنرخەکانی ژیان، لە نێوەڕاستی ئاگری شەڕی دوژمنایەتی کە ئیمپریالیزم هەڵی گرساندوە، سەمای ئاگر دەکەن.

ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کوبانی ڕویداوە، سومبلی شانازی و پەسند لێکراوی خەباتی گەورەی خەڵکە بەرانبەر بە دوژمنانی خەڵک، سومبلی خەباتی چەکدارانەی خەڵکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە دژ بە ئیمپریالیزم، واتە دۆژمنی سەرکی و بنەڕەتی جەماوەری ناوچەکە.

هێشتا ماوەیەکی کورت تێنەپەڕیوە لەوەی کە ئامریکا لە ژێر ڕۆبەند و عەبای داعش بە سەر خەڵکی شەنگاڵ و سنجاردا هێناو بە هەزاران ژن و منداڵ و پیر و جوانی خەڵتانی خوێن و بە برینداری و برسیەتی، ئاوارە کێو و دەشت کرد. ئەگەر ئەم دوژمنە غەدار و جەنایەت کارە توانی لەو ناوچەیانە ئاوەها بە سەر خەڵکیکی دەست بەتاڵ و بی چەک کە ئامادەی شەڕ نەبون بهێنێ، ئیستا لە کوبانی ڕوبەڕۆی خەڵکێکی چەکدار و پریاردەر کە بریاری یەکجارەیان داوە تا دوا گولەو دوا هەناسە وە تا دڵۆپێک خوێن لە لەشیاندایە خۆڕاگرنو بەرانبەری ڕاوەستن و خەبات بکەن. بوونی ژنانی چەکدار، ژنانی ئازا و لێهاتوو و پریاردەر، لە مەیدانەکانی شەڕدا ئەندامی ئمپریالیزمی ئامریکا و هەموو دوژمنانی خەلکانی ژێردستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

دەلەرزێنێت. دوژمنانی ئەم خەڵکانە بە باشی دەزانن کە هەڵگرتنی چەک لە لایەن ژنانەوە بە بەر بڵاوی لە ناوچەکەدا و ڕاوەستانیان بەرانبەر بە هێزە ئیمپریالیستیەکان چە پەیامێکی تاڵ و تێژی بویان هەیە چون داهاتویەکی خۆش و گەوارای هەیە بۆ خەڵکانی ناوچەکە.

دوژمن بە چاکی دازانێ کە کوبانی ئیتر شارێکی بچوک لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا نیە، کوبانی سەرتای ڕێگایەکە کە هەزاران کوبانی بچوک و گەوەرەی لێ دەوەشێتەوە، ئەو کوبانیانەی کە لە ناو ئاگری تەقینەوەی قین و تورەی خەڵکی ستەم لێکراو و سوتاوی دەستی سەرمایەداران و حکومەتە پشتیوانەکانیان بڵیسەیان بەرزە و دەگات ئاسمان. کوبانی ئەمڕو ماموستای و پێشەنگی ڕێگای خەبات و شورشی راستەقینەی دژ بە ئیمپریالیزە و سەگە بەت لە ملەکانیانە.

کوبانی دەرسی جەنگاوەریمان فێر دەکات. کوبانی کارگەرانو ڕەنجبەرانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست فێر دەکات کە ئەتوانن تەنانەت بە دەستی بەتاڵ لە بەرانبەر دۆژمنێک کە لە شێوازی دێوەزمەیەکی زەبلاحدا بوەستن و نکولی پێ بهێنن. کوبانی ڕاستی "چونایەتی خەبات کردن" لە گەڵ دۆژمنێکی واهادا فێری جەماوەری ناوچەکەدەکات. فێر دەکات کە لە کونا ڕۆچەکەیکی بچوکەوە وەدوای تیشکی هیوا و سەرکەوتنێکی زۆر دور کەون، هەرچەن سەرکەوتنی بەم زوانە چاوەڕوان ناکرێت خۆراگری کەن و خۆ نەدەن بە دستەوە. فیر دەکات کە ئەبێ جەنگاوەرانە لە مەیدانی خەباتدا خوێنی خویان لە گرەوی ئاگاهی و هوشیار کردنەوەی جەماوردا دانێن و شارەزایەتی خۆیان بکەنە پاشەکەوتی خەباتگێریان. کوبانی هەروەها داگرسێنەری بڵێسەی جەنگاوەری و پاڵەوانیەتی هەمو کارگرانو ستەم لێکراوانی خەورهەڵاتی ناوەڕاستە و ڕۆشنایی بەخشی دڵی پڕ ئێش و ئازاری ئەوانە، چون کوبانی لە بەرانبەر دوژمنێک دەجەنگێت کە دوژمنی هەموو کارگران و ستەم لێکراوانە.

لەم ناوەدا، کەسانێک هەن کە پێشەکی کەوتنی کوبانی ماتەم دەگرن، ئەوانەی کە چاویان نابینێ کوبانی لەم ماوە کورتەدا چە شوێنەوارەێکی مێژوی لە شوێنی خۆی داناوە؛ و نابینن برگیری و خەباتی قارەمانەی ژنان و پیاوانی کوبانی چۆن پەردەی فێڵ و تەڵەکە بازی لە ڕوی ئیمپریالزم ئامریکا بە چەشنێکی بەربڵاو دادەمالێت، ئەو ئامریکایە کە بە هناردنی دێوەزمەیەک بە ناوی داعش بۆ پێشەوە، پیلانە جەنگیەکانی خۆی ئەباتە بەرەوە و تێ دەکۆشێت خۆی وەک فرشتەی نەجات لە بەرانبەر ئەو دیوەزمەیە بنوێنێت. خەلکانی هۆشیاری جیهان دەپرسن، ئامریکایەک کە بە یارمەتی فەرانسە و ئینگلستان توانی بە سوک و سەهلی دەولەتەکەی قەذافی لە لیبی کە خاوەن ئەرتەشێکی سامان دراو بە کەرەستەی مودێرن و جۆراوجۆرو بە هێز لە ماوەیەکی کورتدا تێشکێنێت و لە ناوی بەرێت، بەڵام ئەمڕو سەرەڕای دروست کردنی بەرەیەک لە دەولەتە بێ دەسەڵاتەکانی سەر بە ئیمپریالیزم، هاوکاری کردنی زیاتر لە پەنجا هیزی دەولەتی جیهانی، توانای ئەوەی نیە کە لە شەڕی داعش لە گەڵ جەماوەری خەباتگێری کوبانی، تەنانەت زەربەیکیان لێ بوەشێنێت! ئامادە کردنی بیروڕای گشتی لەمبارەیەوە تا ئەو ڕادە پێش ڕۆیشتوە کە ئەم دوژمنانە کەوتونەتە پەلەقاژەو بە بیانوی جۆراو جۆر و بی نرخ دەستیان داوەتە بڵاو کردنەوەی درۆ و ڕاگەیاندنی هەواڵی ناڕاست. چ شتێک جگە لە خەباتی بی وچانی و قارەمانانەی بەو شێوەیە کە ژنان و پیاوانی کوبانی دەگێرن، ئەتوانێت لە ماوەیەکی کوردا بێتە هۆی دەرخستنی درۆکانی دوژمن!؟ چ شتێک جگە لەم خەباتە بێوچانە، ئەیتوانی هاوکاری دەولەتی ڕیسوای ترکیە لە گەڵ جەنایتکارانی داعش ئاشکرا کات، ئەو دەولەتەی تورکیە کە سنوری بست بۆ ئەوەی خەبات گێرانی کورد نەتوانن پرۆنە یارمەتی کوبانی، خۆپیشاندانی خەڵکی خەباتگێری کورد و ترکی لە سەر جادەو ڕێوبانی شارەکانی جیاوازی غەڵتانی ئاگر و خوێن کردو خۆی ریسواتر لە پێش بە جیهانیان پیشاندا!؟ چ شتێک جگە لە برگیری خەڵکی کوبانی ئەیتوانی هەڵویستی "کوردستان سەربەخۆ"ی دەوڵەتی هەرێمی بارزانی بخاتە درۆەو دەریخات کە ئەو هەڵویستە فریوەو خەڵکی کورد ئەباتە ژێر ئالای ئامریکاوە. ئەگینا چ بیانوێکیتر هەیە بۆ ئەوە کە بیێتە هۆی ئەوە کە ئەوان سەرەڕای ئەوە کە دەولەتن و هێزو توانایان هەیەو ئەشڵین دوژمنی داعشن نەڕۆنە یارمەتی کوبانی قارەمان.

بەڵێ، ئەوانەی کە باوەڕیان بە هێزی جەماور نیە، چاویان هەنای بێنینی ئەو هەموو کارە کە کراوە، هەروەها بەرز بونەوەو هوشیاری و زانستی ئینقلابی ستەم لێ کراوانیان نیە. هەر ئەمانە جم و جۆڵی جەماوەر لە ناوچە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە پشتیوانی لە کوبانی وەک ڕوداوێکی زۆر بچوک دەزانن و ناتوانن ببینن کە هێرشی ئەو جەماوەرە بو سەر جادە و رێوبانەکان لە پشتیوانی خەباتی چەکدارانەی خەڵکی ئازای کوبانی ڕاهێنانێکە بۆ هاتنە مەیدانێکی گەورە و خەباتێکی مەزنیتر؛ هەڵگرتنی (placard) هەڵویستی "کوبانی تەنیا نیە" لە لایەن جەماورەوە درۆشمو نشانەی بە تەما بوونی بڵیسەی ئاگرێکن کە دێر یان زوو گڕ دەگرێتو خەرمانی دوژمن دەسوزێنێت. جەنگاوەری جەنگاوەرانی کوبانی لە نیو هەموو ڕەشایەکانی دنیایی تارێک و ساردو سڕێکدا کە داعش دایمەرزاندوە ئەڕوات کە تەواوی خورهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتە بەرو هەر لە هەمان کاتدا تێشک و گەرمای هێوایە بو دڵی ستەم لێکراوان. ئەمانە ئەو سەرکوتنانەیە کە بە دەستی ژنان و پیاوانی جەنگاوەر و پڕیاردەری جەنگ لە گەڵ داعش سەگە زەنجیریە تازەیەیی ئامریکا بە دەست هاتوون. لە ڕاستیدا خۆڕاگری کوبانی کارکردێکی بەنرخی کردوەتە سەر جەماوەری ناوچەکەو دنیا، ئەم کارکردە کاری خۆی کردوەو پێشەکی پیرۆزی بە دەست هێناوە. کە وابو باس کردن لە کەوتن یان نەکەوتنی کوبانی پوچە و بێ واتایە. هەر چەند ئێمە دەزانین کە کوبانی بە لەشێکی بریندارەوە دەجەنگێت وە لەم جەنگەدا هەر سات ڕەنگە ترازوی هێز بەرەو لای دوژمن قورستر ببێت. ئەبێ ئەوەش بزانین کە خەتەرێکیتر هەڕەشە لە کوبانی دەکات، ئەوەش تەقالای دوژمنە بو ڕەخنە کردنە ناو جەنگاوەران و خەباتگێران و لا دانیان و شکست پێهێنانیان لە ناوەوەیە. ئەبێ لە بیرمان بمێنێت کە دەورەیەک کە ئێمە تێدا دەژین تەنیا و تەنیا بە ڕابەرایەتی کمونیستەکان پیرۆزی ئینقلابی وە دەست تێت، گرنگێک کە بە داخەوە جەماوەری قارەمان و تێکوشەری کوبانی لەم کاتەدا بێ بەهرەن لێ -هەر چەن شەڕی قارەمانە خەڵکی شۆڕشگێر، خۆی ڕێگا بۆ پێکهاتنی ئاوا ڕابەرایەتێک دروست دەکات.

ژنان و پیاوانی جەنگاوەری کوبانی بە هەڵسانی چەکدارانەی خۆیان و شەڕ لە گەڵ دوژمنی کریکاران و ستەم لێکراوانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هنگاوێکیان ناوە کە ڕوخان و لە ناو چونی دەسەڵاتی سەرمایەداران (چە ئیمپریالیستەکان و چە سەرمایەدارە پەیوەندیدارەکانیان لە وەڵاتانی ژێر دەست) لە ناوچەکە گەڕانەوەی تێدا نیە. هەر بۆیە خەباتی ئەوان لە ڕێبازێکی مێژوییەوە بەرەو پێش ئەڕوات. لە ڕێگایەکی پڕ لە هەوراز و نشیو، پر لە پێچ و خەم و پر لە کەوتن و دوبارە ڕاست بوونەوە، سوزیان و لە خۆڵە مێشی خۆ دوبارە زندو بوونەوە، تێشکیان و سەرکەوتن لە ئەنجامدا سەرکەوتن و پیرۆز بوونە. مێژو لە بنەڕاتدا ئەوەها هاتوەتە پێشوە.

با وتارەکەم بە ناردنی شۆڕشگێرانەترین سڵاو ئاراستەی ژنانی جەنگاوەر و مێژو سازی کوبانی تەواو بکەم. ئیمپریالیزمی ئامریکا ساڵیانی ساڵە کە داعشێکی زۆری وەک جمهوری ئیسلامی وەک سەگی زەنجیری خۆی لە ناوچەکە بەرەڵا کردوە، تا لە کات و ساتی کەوتن و وەستانی بەرهەم لە سیستەمی سەرمایەداری جیهانی، ژنان بە داب و نەرتی کون و تایبەتی سەدەکانی تاریکی دەورانی تاریکی فئودالیزم کۆت لە مل نێت. بەڵام ژنان ساڵیانی ساڵە لە هەموو بواریکدا بۆ بچرینی زەنجیری بەندگی ساتێکیش لە خەبات ڕا نەوستاون، بە هەموو شێوەیەکی گونجاو لە بەرانبەر کونەپەرستان هەڵساون. ئیستا کە ژنانی قارەمانی کوبانی چەکیان هەڵگرتوە و لە سنگەری خۆڕاگری و برگیری بەرانبەر ئیمپریالیزم و سەگە زنجیریەکەی داعش خەبات و جەنگ دەکەن، شێوەی ئاڵای خەباتی بێوچانی داهاتوش دیاری و بەرزدەکەنەوە. دور نیە کە ڕۆژێک ژنانی شۆڕشگێر لە سەرتاسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئازایەتی ژنانی کوبانی سرووش وەرگرن و بەربڵاو و جەماوەرانەتر شان بە شانی پیاوانی خەباتگێر بێنە مەیدانی خەباتی چەکدارانە دژ بە دوژمنانیان؛ وە ئەو ڕۆژە ئیمپریالیزم و هەموو دوژمنانی کارگەران و ڕەنجبەرانی ناوچەکە مەرگی خۆیان دێتە پیش چاویان و ڕۆژی زەنگی مەرگیانە.

٢٢ مێهری ١٣٩٣ - ١۴ اوکوتبری ٢٠١۴